# بانکی پرسیارەکانی دەروونزانی گشتی – قۆناغی یەکەم

**پ١/ ئەم چەمکانەی خوارەوە پێناسە بکە:-**

**١.پاڵنەرە بۆماوەیەکان ٢. هەستکردن ٣. هەڵچون ٤. ئاگایی ٥. قۆتابخانەی رەوشتایەتی ٦. شەرانگێزی**

**پ٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پر کەرەوە:-**

**١. سەرەتای بونی دەرونزانی بە زانست و جیابونەوەی لە زانستی فەلسەفە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی........ لە لایەن زانا ..........لە شاری لایبزگ.**

**٢. فرۆید گەیشتە تیۆرێک لە دەروونزانیدا بە ناوی ............ وە یەکێک لە گرنگترین دۆزینەوەکانی کاریگەری ................ لەسەر کەسایەتی.**

**٣. رێژەی نوستن لای مرۆڤ رێژەیەکی پێچەوانەیە لەگەڵ گەورەبونی تەمەنی واتە لە پێنج ساڵیدا پێویستی بە .......... کاتژمێر هەیە بۆ نوستن و لە تەمەنی بیست ساڵی دا پێویستی بە ............. کاتژمێر هەیە.**

**٤. بریتیە لە رێکخستنی زانیاریەکان و شیکردنەوەی ئەو زانیاریە هەستیانەی کە لە رێگەی هەستەوەرەکان دەگاتە لامان پی دەلێن............. .**

**٥. چەند پاڵنەری قوتابی زیاد بکات ئەوا سەرکەوتن زیاد دەبێت واتە پەیوەندی نێوان گۆراوەکان ........... دەبیت.**

**٦. پاڵنەرە وەرگیراوەکان دابەش دەبن بۆ سێ جۆر ئەوانیس پاڵنەرە ............. و .............. و ............ .**

**پ٣/ بەراورد بکە لە نێوان دەستکەوتە پاڵنەر و پاڵنەری خستنە پاڵ.**

**پ٤/ بەراورد بکە لە نێوان تێبینی کردنی سروشتی و رێگەی مەسح کردن.**

**پ٥/ جۆرەکانی هەستکردن چین روونی بکەرەوە.**

**پ٦/ تەنها پێنج لە جۆرەکانی هەڵچون باس بکە.**

**پ٧/ درکپێکردن دەگەرێتەوە بۆ چەند لایەنێک بە خاڵ بیانخەروو.**

**پ٨/ بوارە پراکتیکیەکانی دەروونزانی تەنها بژمێرە.**

**پ٩/ سیفاتەکانی روداوە دەرونیەکان چین بژمێرە و باسیان بکە.**

**پ١٠/ پێناسەی پاڵنەر بکە و گرنگترین کارەکانی پاڵنەر روون بکەرەوە.**

**پ١١/ ئەو ئامانجانە چین کە دەروونزانی دەیپێکێت.**

**پ١٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پر کەرەوە:-**

**١.هەندێک لە توێژەران دەڵێن .......... حالەت نیە بەلکو جۆرێکە لە رەفتار کە سێ چارەگی ژیانمان دەگرێتەوە.**

**أ. پاڵنەرە بۆماوەییەکان ب.پاڵنەری برسیتی ج.پاڵنەری نوستن د. پاڵنەری شەرانگێزی**

**٢.بە پێی زۆربەی تیۆرەکان بە تایبەتی تیۆری.............خۆراک بە یەکێک لە گرنگترین پێداویستیەکانی مرۆڤ دادەنرێت کە تێرنەکردنی دەبێتە هۆی تێکچونی پرۆسەی بایلۆژی و عەقلی.**

**أ. فرۆید ب.جۆن واتسۆن ج.ولیەم جیمس د.ماسلۆ**

**٣.................حالەتێکی نیگەرانی جەستەیی دەروونی بەهێزو خێرایە کە تاک دوچاری دەبێتەوە لە ناکاو و لە ئەنجامدا توشی شڵەژان دەبیت .**

**أ. ئاگایی ب.هەڵچوون ج. درکپێکردن د. هەستکردن**

**٤.هەڵچوونی................بە پیچەوانەی ترسە پەیوەستە بە رابردوو بەڵام لە ترسدا مرۆڤ زیاتر دەروانێتە داهاتووکە خۆی لە ترسەکە رزگار بکات.**

**أ.هەڵچوونی تورەبون ب.هەڵچوونی خەمباری و دڵتەنگی ج. هەڵچوونی رەتکردنەوە د.هەڵچوونی سەرسورمان**

**٥. زانا ............ گرنگی بە هەردوو رەمەکی سێکسی و شەرخوازی داوە لەسەر رەفتارو چارەنووسی مرۆڤ.**

**أ. دۆرکایم ب.سکنر ج.داروین د. فرۆید**

**٦. لە ساڵی ............ لە لایەن زانا جۆن واتسۆن قوتابخانەی رەوشتایەتی سەری هەڵدا لە ئەمریکا.**

**أ.١٨٩٢ ب.١٨٩١ ج.١٨٩٣ د.١٨٨٩**

**پ١٣/ ئەو خاڵانە چین کە دەبێتە هۆی جیاوازی تاکایەتی لە ئاگایی دا باسی بکە.**

**پ١٤/ بەراورد بکە لە نێوان پاڵنەرە بۆماوەییەکان و پاڵنەرە وەرگیراوەکان.**

**پ١٥/ گرنگترین لایەنەکانی درکپێکردن تەنها بژمێرە.**

**پ١٦/ لە تێروانینی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لە رەفتارو کردەوەکانی ئەم تێروانینە بە (٥) خاڵ شی بکەرەوە.**

**پ١٧/** ئامانجەکانی دەروونزانی چین بژمێرە و باسیان بکە.

**پ١٨/** وەڵامی راست هەڵبژێرە .

١.لە ئەمریکا قوتابخانەی ........ سەری هەڵدا لە ساڵی ١٨٩١ لە لایەن جۆن واتسۆن.

أ. جشتاڵت ب. زانیاری ج. رەوشتایەتی د. مرۆڤایەتی

٢.سەرەتای بونی دەرونزانی بە زانست دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ...... لە لایەن زانا ولیەم ڤۆنت.

أ. ١٨٧٨ ب. ١٨٧٧ ج. ١٨٨٩ د. ١٨٧٩

٣. بیردۆزی ............ باوەری وایە کە بونەوەری نازیندو گەشەی کردووە و بووە بە بونەوەری زیندوو.

أ. بایلۆجی ب. پەرەسەندن ج.کۆمەلایەتی د. زانینی

٤. لە رێگای تاقیکردنەوە لێکۆلەر لەسەر دوو کۆمەلە کار دەکات کۆمەلەی تاقیکاری و کۆمەڵەی ............ .

أ. کۆنترۆڵکراو ب.سروشتی ج. مەسح کردن د. پەیوەندی

٥. قوتابخانەی ............... باوەری وابو کە نەست و رەمەکی سێکسی و شەرخوازی و پاڵنەرە بایلۆژیەکان کاریگەری هەیە لەسەر رەفتارو کەسایەتی مرۆڤ.

أ. رەوشتایەتی ب. جشتاڵت ج. پەرەسەندن د. شیکردنەوەی دەروونی

٦.دەرونزانی ................ بە یەکێک لە بوارە تیۆریەکانی دەروونزانی دادەنرێت.

أ. دەروونزانی بازرگانی ب.دەروونزانی پەروەردە ج.دەروونزانی گەشەکردن د.دەروونزانی تاوانکاری

**پ١٩/** جیاوازی بکە لە نێوان لێکۆلینەوەی پەیوەندی و لێکۆلینەوەی باری.

**پ٢٠/** تێروانینی مرۆڤایەتی روونبکەرەوە بە (٥) خاڵ.

**پ٢١/** ئەم چەمکانەی خوارەوە پێناسە بکە:-

1. بیرکردنەوەی پلە بەرز 2. زیرەکی هەڵچونی 3. پاڵنەر 4. درك پێکردن 5. ئاگایی

**پ٢٢/** ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پرکەرەوە:-

1. سەرەتای بوونی دەرونزانی بە زانست و جیابوونەوەی لە زانستی فەلسەفە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی........ لەلایەن زانا ..........لە شاری لایبزگ.

2. بیردۆزی پەرەسەندن وای دەبینێت کە بوونەوەری زیندوو لەریگەی رێکەوتەوە سروشت پەیدا بووە وە بوونەوەری ............لە بوونەوەری ........... دروست بووە.

3. رێژەی نووستن لەلای مرۆڤ رێژەیەکی پێچەوانەیە لەگەل گەورەبوونی تەمەنی واتە لە تەمەنی پێنج سالیدا پیویستی بە .......... کاتژمێر هەیە بۆ نوستن.

4. حالەتێکی نیگەرانی جەستەی دەروونی بە هێزو خێرایە تاك دووچاری دەبێتەوە بە شێوەیەکی لەناکاو پیێ دەلێن............... .

5. یەکێك لە زانا دەروونزانەکان کە ناوی شاشتر بوو تیۆرێکی تایبەتی دانا ناسرا بە تیۆری .......... بە بۆچوونی ئەم زانایە هەردوو فاکتەر جەستەیی و ............... رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هەڵچوونەکان .

6. پاڵنەرە وەرگیراوەکان دابەش دەبن بۆ سێ جۆر ئەوانیش پاڵنەرە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان و ..........و .........

**پ٢٣/** بە راوردبکە لە نێوان یادکردنەوەی کۆرت خایەن و درێژ خایەن.

**پ٢٤/** بە راوردبکە لە نێوان بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

**پ٢٥/** بیرچونەوە دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك روونیان بکەرەوە.

**پ٢٦/** تەنها پێنج لە جۆرەکانی هەڵچون باس بکە.

**پ٢٧/** ئەو ئامانجانە چین کە دەروونزانی دەیپێکێت.

**پ٢٨/** درك پێکردن دەگەرێتەوە بۆ چەند لایەنێك بە خاڵ بیان خەروو.

**پ٢٩/** تەنها (10) لە کارامەییە بنەرەتیەکانی بیرکردنەوە بژمێرە و بە کورتی باسیان بکە.

**پ٣٠/** ئەم چەمکانەی خوارەوە پێناسە بکە:-

١.هەست کردن ٢. پاڵنەری بۆماوەیی ٣. هەڵچوون ٤. بیرکردنەوە ٥. یادکردنەوەی هەستی

**پ٣١/** ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پرکەرەوە:-

1. لە سالی........ لە لایەن زانا جۆن واگسون لە ئەمریکا قوتابخانەی ............ سەری هەلدا.

2. فرۆید گەیشتە دانانی تیۆرو رێبازێك لە دەروونزانیدا بە ناوی .......... وە یەکێك لە گرنگترین دۆزینەوەکانی کاریگەری .............لەسەر کەسایەتی.

3. بریتییە لە رێکخستنی زانیارییەکان و شیکردنەوەی ئەو زانیارییە هەستیانەی کە لە رێگای هەستەوەرەکانەوە دەگاتە لامان پێ دەلێن........ .

4. بیرکردنەوەی ........... سەرچاوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوە پۆلینەکەی........ کە ئامانجە معریفی یەکانی بۆژمارەیەك رەگەزو ئامانج واتە پرۆسەی عقلی دابەشکردووە.

5.یەکێك لە هۆکارەکانی بیرچونەوە بریتی یە لە بەناویەکداچوونی زانیاریە ....... لەگەڵ زانیاریە ...... .

6. ئەم هەڵچوونە لە ئەنجامی دانانی بەربەست و رێگر لە بەردەم حەزو ئارەزوو و ئامانجەکانمان دروست دەبێت و لە ئەنجامدا تووشی هەڵچوونی ...... دەبێت.

**پ٣٢/** بە راوردبکە لە نێوان تیۆری جیمس لانج و تیۆری کانون بارد.

**پ٣٣/** دەستکەوتە پاڵنەر و پاڵنەری خستنە پاڵ بە جیاوازی بیانخە روو.

**پ٣٤/** بیرکردنەوەی مێتا مەعریفی وبیرکردنەوەی رووت بەراورد بکە.

**پ٣٥/** چەند جۆر هەستکردنمان هەیە بە درێژی شیبکەرەوە.

**پ٣٦/** جیاوازی تاکایەتی لە ئاگاییدا بژمێرەو باسیان بکە.

**پ٣٧/** پاڵنەر چەندین کاری جیا جیای هەیە گرنگترینیان چین لەسەریان بدوێ.

**پ٣٨/** ئەو رێگایانەی کە دەبێتە هۆی باشتر کردنی بیرکردنەوە بە سێ خاڵ.

**پ٣٩/** ئەمانەی خوارەوە تەنها بژمێرە:

1.سیفاتەکانی روداوە دەرونیەکان 2.جۆرەکانی ئاگایی 3.قۆناغەکانی یادکردنەوە

**پ٤٠/** پێناسەی دەروونزانی بکە و ئەو ئامانجانەش روون بکەرەوە کە دەروونزانی دەیپێکێت.

**پ٤١/** گرنگترین سیفاتی رووداوە دەروونیەکان چین کە زاناکانی دەروونزانی سەردەم دەستیان کرد بە لێکۆلینەوە لە و رووداوانەو ئەو رەوشتەی لەو رووداوانە دا سەر هەڵدەدات.

**پ٤٢/** لە تێروانینی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لە رەفتارو کردەوەکانی ئەم تێروانینە بە (٥) خاڵ شی بکەرەوە.

پ٤٣/  ئامانج لە رەفتارو هەڵسوکەوتی شەرانگێزی چییە ؟ زاناکان ئەم رەفتارە دەگەرێنەوە بۆ چەند هۆکارێک روونیان بکەرەوە.

پ٤٤/  بەراورد بکە لە نێوان دەستکەوتە پاڵنەر و پاڵنەری خستنە پاڵ.

پ٤٥/ ئایا نووستن حالەتێکە و رەفتاری تێدا نیە یاخۆد بە پێچەوانەوە ، مرۆڤ لە چە کاتێکدا پێویستی بەم پاڵنەرەیە ، وە پەیوەندی تەمەن و کاتژمێرەکانی نووستن لای مرۆڤ دیاری بکە.

پ٤٦/  ئەو خاڵانە چین کە دەبێتە هۆی جیاوازی تاکایەتی لە ئاگایی دا باسی بکە.

پ٤٧/ خاوەنی (بیردۆزی کۆمەڵایەتی) کێیە و ئەم بیردۆزە چۆن سەرنج دەداتە رەوشتی مرۆڤ و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو کۆمەڵگادا بە درێژی باسی بکە.

پ٤٨/  چە جیاوازیەک هەیە لە نێوان بیرورای هەریەکە لە زانا (ولیەم جیمس و جۆن واتسۆن و جشتالْتیەکان) دەربارەی زانستی دەروونزانی روونیان بکەرەوە.

پ٤٩/ بەراورد بکە لە نێوان ئەمانەی خوارەوە:-
١. پاڵنەرە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان و شارستانیەکان و تاکیەکان.
٢. تیۆری جیمس لانج و کانون بارد و لۆدۆ.

پ٥٠/  پرۆسەی هەستکردن چۆن روودەدات ؟ وە هەستەوەرەکان بە پێی سەرچاوەکانیان دابەش دەکرێتە سەر چەند جۆرێکەوە ئەو سەرچاوانە باس بکە.

پ٥١/ زانا (ماسلۆ) چۆن دەروانێتە پاڵنەری برسیەتی و تێرنەکردنی ئەم پاڵنەرە چە زیانێک بە پرۆسەی بایلۆژی و ئەقلی مرۆڤ دەگەینێت .

پ٥٢/ (هەڵچوونی تورەبون ، هەڵچوونی ترس، هەڵچوونی رەتکردنەوە) لە چە کاتێک روودەدات و پێویستە مرۆڤ چی بکات.

پ٥٣/  بۆ هەریەک لە جۆرەکانی پرۆسەی ئاگایی نموونە بهێنەرەوە .

پ٥٤/ خاوەنی (بیردۆزی رەوشتایەتی ) کێیە وئەم بیردۆزە  چۆن راڤەی رەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات لە بەکارهێنانی پاداشت و سزا.

**پ٥٥/ بوارەکانی دەروونزانی لە دەروونزانی دا گرنگی خۆی هەیە و دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکی یەکەمیان تیۆریە(نـظرية) کە توێژینەوە لە سەر.................................................... ،بەلام دووەمیان پراکتیکیە(تـطبيقى) ئەم بوارە تایبەتە بە پراکتیزکردنی (تـطبيق)کردنی ............................................................................... .**

پ٥٦/ سەرەتای بوونی دەرونزانی بە زانست و جیابوونەوەی لە زانست ی فەلسەفە دەگەرێتەوە بۆ چە سالێک و چۆن لێکۆلینەوەیان دەکرد لەسەر دیاردە دەروونیەکان.

**پ٥٧/ ئەو هۆکارانە چین کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی تاوانبار لە بێتاوان بە بروای زانا شیلدۆن.**

**پ٥٨/ پەیوەندی نێوان تەمەن و کاتژمێرەکانی نووستن لە لای مرۆڤ روون** بکەرەوە.

پ٥٩/چە جیاوازیک هەیە لە نێوان رەفتاری شەرانگێزی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ.

پ٦٠/ **پاڵنەری خستنە پاڵ گرنگی بە ئەو سەرچاوەو هۆکارانە دەدات کە دەبن بە بنەماو بۆ وەرگرتنی بڕیار، واتا ئەگەر مرۆڤ لە کارەکانی رۆژانەیدا سەرکەتن یان سەرنەکەوتنی بە دەست هێنا، بۆ دوو هۆکار دەیگەڕێننەوە** بە نمونە باسی بکە؟

پ٦١/ چە کاریگەریکی هەیە ژینگە لەسەر زیرەکی تاک؟

پ٦٢/ گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی بیرچوونەوە چین بە خاڵ بیانخەروو.

پ٦٣/ ئەو زانیاریانەی لە یادگەی درێژ خایەن خەزن دەکرێت بۆ چەند ساڵ یاخۆد مانگ دەگەرێتەوە؟

پ٦٤/ مەبەستمان لە قۆناغی بە هێماکردن چیە لە پرۆسەی یادکردنەوەدا.

پ٦٥/ **لەرێگای دابین کردنی چەند هۆکارێك دەتوانرێت بیرهاتنەوە باشتر بکرێت ئەوانیش بریتین لە؟**

پ٦٦/ ئەرکی یادکردنەوەی هەستی چیە بە درێژی لەسەری بدوێ.

پ٦٧/بە درێژی باسی کاریگەری بۆماوە لەسەر زیرەکی بکە لە لایەن زانا (جۆلتون)؟

پ٦٨/ چەند جۆر بیرچونەوەمان هەیە بژمیرە و باسیان بکە.

پ٦٩/ جیاوازی بکە لە نێوان یادگەی درێژخایەن و کورت خایەن.

پ٧٠/ **زانا (هب) وای بۆ دەچێت کەوا زیرەکی گەشە دەکات لە رێگای پشت بەستن بە کۆمەڵێك هۆکار** روونی بکەرەوە.

پ٧١/ مەبەست لە بیرکردنەوەی مێتامەعریفی چیە؟

پ٧٢/ بۆچی هندێک کەس زۆر بە سادەو ساکاری بیردەکاتەوە بەڵام هندێ کەسی تر زۆر بە ئالۆزی بیردەکاتەوە ، هۆکارەکەی بۆچی دەگەرێتەوە؟

پ٧٣/ پێناسەی زیرەکی هەڵچونی بکە و گرنگترین لایەنەکانی باس بکە؟

پ٧٤/ مەبەست لە پاڵنەر چیە ،و چە پێشنیارێکت هەیە بۆ زیادکردنی پاڵنەر لای قوتابیان.

پ٧٥/ مەبەست لە هەریک لەمانە چیە (درکپێکردن پرۆسەی گۆنجانە ، درکپێکردن پرۆسەی پەیوەندیە)

پ٧٦/ بوارە تیۆری و پراکتیکی هەریەکە لەمانە دیاری بکە(دەروونزانی گەشە، دەروونزانی پەروەردەیی ، دەروونزانی تاوانکاری، دەروونزانی بازرگانی، دەروونزانی نەخۆش).

پ٧٧/ سەرەتای جیابونەوەی دەروونزانی لە فەلسەفە بۆ چە سالیک دەگەرێتەوە و لە لایەن چە زانایەک بو ، لێکۆلینەوەی لەسەر چە دیاردەیەک کردووە.

پ٧٨/ جیاوازی تاکایەتی لە ئاگاییدا لە هەریەک لە (تەمەن و پیشە و دروستی دەروونی و ئامادەیی هزری) روون بکەرەوە.

پ٧٩/ دەروونزانی جیاوازی تاکایەتی گرنگی بە چە لایەنێک دەدات و چە سودێکی هەیە لە پرۆسەی فێربووندا؟

پ٨٠/ چۆن چارەسەری زانیاریەکان دەکرێت لە هەر یەک لە (قۆناغی بە هێما کردن و قۆناغی گەراندنەوە) لە پرۆسەی یادکردنەوەدا بە نموونە لەسەری بدوێ.